بۆ دوعا مەگرین



**چۆمان هەولێری**

هەواڵی کوشتنی دوعا خانی کچە ئێزیدی تەواوی کۆمەڵگای هاژاند و لەلایەکی دیکەوە رووپۆشی لەسەر کلتور و بیرکردنەوەی ئێزیدی دینی هەڵماڵی. گومان لەوەدا نیە دوعا بێتاوانە و ئەگەر تاوانباریش بێت نەدەبوو بەم شێوە نامرۆڤانەیە بکوژرێت...

دیاریدەی کوشتنی ئافرەت بەناوی شەرەف و لادانی ئاینی و هۆکارە کۆمەلایەتیەکان، کایەکی کۆمەلایەتی و ئاینی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە و کوردیش لە مێژە گیرۆدەی ئەم کایەیە و رۆژانە دەیان کچ و ئافرەت دەبنە قوربانی بیرکردنەوەی پیاوان و هەڵەکانی کۆمەڵگا..

لە چەند ڕۆژی رابردوو تەواوی دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی ماڵپەرە کوردی و بیانیەکانیش کوشتنی دوعا بووەتە مانشێت و هەریەکە بە شێوازێکی جیا و خوێندنەوەیەکی تەقلیدی لە پێستی نوێخوازیدا باس لەو ڕووداوە دەکەن و وەک بڵێی کۆمەڵگا تەنیا دوعای بێتاوانی کردۆتە قوربانی هەڵەکانی خۆی، من لەگەڵ کوشتنی هیچ بوونەوەرێک نیم بەتایبەتی مرۆڤ و تایبەتر ئافرەتان، بەلام ئەدی ئەوە نییە ڕۆژانە کچان و ئافرەتانی ئێمە دەبنە خۆڵەمێش و لە نەخۆشخانەکاندا جەستەیەکی سووتاو هەناسەیەکی قووڵ بە روخساری کۆمەڵگاکەمان دەبەخشن.

ئەوەی دەستی لە کوشتنی دوعادا هەیە، بێگومان دڕندە و وەحشین، ئەوانەی رێگە خۆشکەری ئەو تاوانە مەزنەن ئەوانیش تاوانبارن، بەلام کاتێک دەگرین بۆ دوعا دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت دوعا یەکەم قوربانیدەری ئەم ستایلە کۆنەی کۆمەڵگا نیە بەڵکو دەیانی وەک دوعا بەشێوازی جۆراوجۆر دەبنە قوربانی و کۆمەڵگا و رێکخراو و حکوومەت و دەسەلاتیش هەر لە گوێ گادا نووستووە..

دەبا بۆ دوعا گیان نەگرین، بۆ هەموو ئەوانە بگرین تووشی پیاوسالارانی خۆمان دەبن و جەستەیان دەکەنە خۆڵەمێش.

zezo_hewlery@yahoo.com

**بریتانیا**